شیعرێکی کاریکاتێریی. . ! ... یاسینی فەقێ سەعی

هاوڕێیانم، ڕەنگاوڕەنگن
چەنەبازو زۆر بێدەنگن . .
ژیرن. . شێتن،
لەسەرخۆنو تووڕە ئەبن . .
شادن. . ماتن،
لەبەرچاونو بزر ئەبن . .
• •
هاوڕێیانم،
پۆلێکی قوتابخانەنو
مامۆستاکەیان وون بووە . .
بەلەمێکن لەناو دەریای کۆمۆنیزما،
کەناریان لێ بزربووە . .
• •
هاوڕێیانم،
هەم دکتۆرن، هەم نەخۆشن. .
بەدەم هەموو جەنگاوەرو
بە پراکتیك، هەموو بۆشن . .
• •
هاوڕێیانم،
دۆستی من و دوژمنیشن . .
تورك و عەرەب و فارسن و
هەم کوردیشن . .
• •
هاوڕێیانم، دارکونکەرەن
پەتی سێدارەی خۆیانن . .
چەوساوەی دەستی یەکترین
کەون، مەڕن، گورگن، ڕێوین . .
• •
هاوڕێیانم، ڕەنگاوڕەنگن
چەنەباز و زۆر بێدەنگن . .
بەدەم هەموو کارێك ئەکەن
هاوڕێیانم، زۆر عەنتیکەن . .
کۆمۆنیستی گلۆبالن
نوێنەری چەوساوەکانن . .
ئەنتی دۆزی نەتەوەیین . .
خەباتگێڕن، کوردستانین . .
هاوڕێیانم، تەنیا کوردنین،
دەنا ئینتەرناسیۆنالین . .
• •
هاوڕێیانم، ڕەنگاوڕەنگن
چەنەباز و زۆر بێدەنگن . .
باران و بەفر و ڕەهێڵەن
تۆفان و هەورە تریشقەن . .

گەرمای هەتاوی تەمووزن
بارانی پەڵەی پاییزن . .

•     •

هاوڕێیانم، زۆر بێکارن
نوێنەری پرۆلیتارن . .
ڕووناکبیر و ڕەخنەگرن
جەنگاوەرو کڵاوگرن . .
زۆر بێکەڵك و کەمێك باشن . .
ئەم دنیاش و ئەو دنیاشن . .

•     •

هاوڕێیانم، کۆڕ تێکدەرن
زۆر حەزیان لە میلیشیایە. .
هاوڕێیانم، بێ خەبەرن
هەندێ ئێرانیشیان تیایە. .
هاوڕێیانم، دژەئاراستەی هەموانن
کۆنە ڕێفراندوم خوازن. .
چونکە هەموان داوای دەکەن
ئێستا دژ و عێراقخوازن. .

•     •

هاوڕێیانم، هەشتی مارتیان خۆشترئەوێ
لە ژنانی کوردستانم. .
کوردایەتی‌یان پێ شەرمە
باڵای کرێکاری بەرلین قەشەنگترە
لە جوتیار و ڕەنجدەرانم. .

•     •

هاوڕێیانم، نموونەی دژە تەییارن
لەناو قەرەباڵغی زۆرا هێرش دێنن
بەشکم خوایە،
بۆکزیان تێبسرەوێنن. .
سبەی بۆکز لە میدیادا دەکرێتە بۆمب
گوێی گشت دنیای پێ کەڕئەکەن
بەمەش حیزب،
چالاکیان پێ ئەنوێنن. .

•     •

2003/10/15